جێگری سەرۆکی هەرێم : جەخت لە گرنگی پێدانی زیاتری شاری هەڵەبجە دەکەینەوە



شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێم لە سایەدی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند: لەم یادەدا جەخت لە گرنگی پێدانی زیاتری شاری هەڵەبجە دەکەینەوە، چونکە خەڵکی ئەم شارە شیاوی خزمەتی زیاترن لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و بەرەپێدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانە کە هەنگاوی کردەیی بنێن بۆ ناساندنی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئینفال و ئەو تاوانە کەمەکوژییانەی کە لە ناوچەکەدا بەرامبەر گەلی کورد کراوە، لەپێناو ساڕێژبوونی کەمک لە ئازار و مینەتییەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئینفالکراوان.

دەقی پەیامەکە:

لە (38)ـەمین سایەدی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا، بە شکۆوە ئەم یادە خەمناک و پڕ لە کارەساتی دژ بە مرۆڤایەتیی و خەڵکی بێتاوانی شارەکی هەمیشە زامدار دەکەینەوە، کە لە ڕۆژەکی وەک ئەمڕۆدا لە (16یی3ی1988) لە ژێر دەستەات و ستەمی ڕژێمەکی دیکتاتۆر، پێنج هەزار ڕۆحی بێتاوان بە

بەرچاوی هەموو جیهان و بەدڵنگی کەمەگەی نەودەوەتییەو بوون بە قوربانی، جگە لە وەرانبوونی شارەکە و بریندار‌بوونی هەزاران کەسی تر، کە بەشکیان تا ئێستاش بە ئازاری برینەکانیانەوە دەناڵێنن.

لەم یادەدا جەخت لە گرنگی پێدانی زیاتری شاری هەڵەبجە دەکەینەوە، چونکە خەکی ئەم شارە شیاوی خزمەتی زیاترن لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و بەرپێدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانە کە هەنگاوی کردەیی بنێن بۆ ناساندنی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئێنفال و ئەو تاوانە کەمەکوژییانەی کە لە ناوچەکەدا بەرامبەر گەلی کورد کراوە، لێپێناو ساڕێژبوونی کەمک لە ئازار و مینەتییەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئێنفالکراوان.

سڵاو لە کەسوکار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی هەڵەبجە و گشت شەهیدانی کوردستان بێت، یادی شەهیدان هەمیشە لە دڵ و ڕەحمان بە زیندوویی دەمێنێنەوە، دروود بە گیانی پاکیان.